# ئەو پیاوەی کە هەمیشە لە هەڵەدا بوو

*نووسینی: Ulf Nilson*
*وەرگێڕانی: س. ماکوان*

جارێک لە جاران، لە ساڵی 1869دا، سەرۆکی پۆڵایین، ئوتۆ ڤان بیسمارک Otto von Bismarck پێوەندی بە کابرایەکی ئەڵمانی نەناسراو، فەقیر وهەژار، پیس و پۆخڵ هەر وەک فەیلەسۆفەکانی دیکە و پەنابەری دانیشتووی لەندەن کرد. ئایا دەکرا فەیلسۆفەکە بیری بۆ لای کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی چووبا؟ ڕەنگە بۆ نا؟ ... هم... چ دەبوو کە کۆبوونەوەکە وردە وردە بکێشرابایەتە هاوکاریش...

ناوی فەیلەسۆفەکە کارل مارکس بوو. مارکسێک ڕقی لە پرۆس (ئەڵمانیای ئەوکات) بوو لە بەر ئەوە، ئەوی ناچار کردبوو، لە زێدی خۆی دەربەدەر بێ و بەناچاری پەنا بۆ فەرانسا، بێلژیک و دواتر لەندەن ببا. هیچ هۆکارێک نەبوو کە بیسەلمێنێ ، ئەو بە چاوی دوژمن لە بیسمارک نەنواڕێ و ئەویش هەروای دەڕوانی. بەڵام، بیسمارکیش هەمان بیسمارکێک بوو کە پێکەوە لە گەڵ ئابراهم لینکۆڵن Abraham Lincoln لەو پەڕی دنیاوە لە ئەمریکا، دوو لە سەرۆکە هەرە بەناوودەنگەکانی ئەو دەم بوون. لە سێپتەمبەری 1862دا، لینکۆڵن گوتارە بەناوبانگەکەی لە سەر "ئازادی بەردە" خوێندبۆوە؛ هەر مانگێک پاش ئەو ڕێکەوتەش بیسمارک پێشنیاری کردبوو کە " کێشە گەورەو ئەستەمەکانی سەردەم بە هۆی بڕیارە پارلەمانییەکانەوە جێبەجێ نابن، بەڵکوو بە هۆی هێزی خوێن و ئاسنەوە چارەسەر دەبن." بای ئاڵووگۆڕ هەڵیکردبوو و مارکس بەو دۆخە نوێیە، ختولکەی دەهاتێ، نەتەنیا دۆخەکەی پێی خراپ نەبوو، بەڵکوو ڕەنگە هەر پێشی خۆش بووبێ. بەڵام بەو حاڵەشەوە، وەڵامی نای بە بانگهێشتنەکەی بیسمارک دایەوە.

بیسمارک، مارکس بەرز دەکاتەوە




بەرگی پێشەوەی کتێبی Karl Marx ou l´esprit du monde

چیرۆکی ئەم بەرزکردنەوەی مارکس لە کتێبەکەی ژاک ئەتالی Jacques Attalis دا، بە ناوی Karl Marx ou l´esprit du monde کە لەم ماوەیەدا لە فەرانسا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە. من بیرم بۆ لای ئەوە دەچێ. ئەگەر مارکس، ئەو پیاوەی کە ناوەکەی زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لە

گەڵ "شۆڕشی جیهانی" و دیسان بە هەڵە لە گەڵ سۆڤیەت و ستالین، گولاژ و کۆمەڵکوژی لێکگرێدراوەو ناوی دێ، لە گەڵ بیسمارک کە تازە بناخەی ئوروپای نوێ، پێشکەوتوو و دەوڵەتی چاکبژی دانابوو، هاوکاری کردبا، چ دەبوو؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە وەڵامێکمان پێ نیە، بەڵام بیسمارک بە بێ ئەوەی بۆ خۆی پێی زانیبێ و تێگەیشتبێ، بوو بە هۆی ئەوە کە مارکس بگەیەنێتە چڵەپۆپە و ناوبانگێکی جیهانی پێ بدا. کاتێک لە ساڵی 1870دا، شەڕی نێوان پروس و فەرانسا کۆتایی هات، سەرهەڵدانی کۆمۆنی پاریس ڕووی دا. سەرهەڵدانێکی لەنەکاو و خۆبەخۆ کە بە شێوەیەک هێمای بیرێکی کرچ و کاڵی سۆسیالیستی پێوەدیار بوو. بیسمارک بە هۆی سیخورەکانی کە هەمیشەو دایم بە دەوری مارکسدا دەخولانەوە، دەنگۆیان بڵاویان کردەوە کە مارکس ڕێبەر و ڕێکخەری ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی کۆمۆن بووە. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە لە هەموو گۆشە و کەناری جیهانەوە ڕێز لە مارکس وەک یەکەم ڕێبەری حیزبی سیاسی نێونەتەوەی (ئەنتەرناسیۆناڵ) بگیردرێ و ناوی بە هەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە.

مارکسیش بۆ خۆی کەم تا کورتێک پێی خۆش بوو کە وەک ڕێبەری کۆمۆنارەکان (کە هەر ماوەیەک دواتر بە کۆمەڵ کوژران) قامکی بۆ ڕابکێشرێ. لە ڕاستیدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە مارکس ڕێبەری یەکەم ئەنتەرناسیۆناڵ بوو بەڵام ئەو ڕێکخراوە بۆ خۆی و لە نێو خۆیدا بە تایبەتی تووشی دووبەرەکی و ڕکەبەرییەکی زۆری نێوخۆی هاتبوو، بۆ نموونە سەربزۆزێکی وەک باکونینی Bakunin ڕووسی( کە بە مارکسی دەگووت دەسەڵاتخوازی هیچ و پووچ) یەکێک لە ڕکەبەرەکانی مارکس بوو. کێشە و دووبەرەکی هەتا ڕادەیەک پەرەی گرت کە مارکس ناچار ما بنکەی ناوەندی ئەنتەرناسیۆناڵ بۆ شوێنێکی بە مێشکدا نەهاتوو و ڕێ تێنەچووی وەک نیۆیۆرک بگوێزێتەوە. بەم شێوەیە مارکس توانی دەستەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بە سەر ئەنتەرناسیۆنالدا بپارێزێ. ئەتالی دەنووسێ؛ مارکس یەکجار شەکەت و ماندوو بوو، خۆی وەک گەورە لیبراڵی سەردەم ئالێکسیس دۆ تۆکڤیلە Alexis de Tocqueville دەهاتە بەرچاو کە شکاتی لەوە دەکرد؛ ئەو قەراخ دەریایەی ئەو بەدوایدا دەگەڕا، زۆرجار ئەوەندە خەیاڵاوی دەهاتە بەرچاو کە پێویستی بەوە دەکرد مرۆڤ بەڕاستی پرسیاری لەخۆی کردبا کە " ئەو شەریکە ئیدەئالەی کە ئێمە بۆی دەگەڕێین یان ئەوەتا هەر لە بناخەدا بوونی نیە یان ئەوەتا چارەنووسی ئێمە بۆ هەتا هەتایە وایە، کە دەبێ لە گەڵ شەپۆلی دەریادا بەربەرەکانی بکەین و بە ئامانجی خۆمان نەگەین".



ژاک ئەتالی Jacques Attalis

ئەتالی فەرنساییە، ئەویش فەرنساییەکی ڕووناکبیری بەرزی وا کە هەر لە فەرانساییەکان دەوەشێتەوە. ئەو ڕۆمان، ژیاننامە، کتێبی منداڵان و دەیان کتێبی دیکەی لە سەر سیاسەت، ئابووری و هەروەها سێ جلد کتێبی ئەستووری لە سەر بەسەرهاتی ئەو ماوەیەی کە ئەو نزیکترین هاوکاری فرانسوا میتران (یەکێک لەو بەدەگمەن کەسانەی زۆر بە کراوەیی میتران لە گەڵی دواوە) بووە، نووسیوە. ئەتالی هەروەک کارل مارکس مرۆڤێکی لە ڕادەبەدەر باوەڕ بە خۆبوو و پشوودرێژ و هەر وەک مارکسیش دیسان کەسێکی ڕاستەقینەی خاترجەم و ماندوونەناسە، هەمدیسانیش وەک مارکسێکە کە توانیویەتی لە ماوەی حەوتوویەکدا بە بێ خۆراک و خەو، کار بکات. بەڵام ئەتالی بە پێچەوانەی مارکسی ڕیشن و پرچن و جل چڵکن وشپلۆخ پاریسییەکی جوانپۆشە کە قەد پۆخڵی پێوەدیار نەبووە.

مارکس لە هەوەڵەوە هەتا کۆتایی

ئەتالی لە شێوازێکی کلاسیکدا بەسەرهاتی کارل مارکس هەرلە لەدایکبوونەوە هەتا مردن دەگێڕێتەوە. کارل لە بنەماڵەیەکی جوولەکە کە پشتاوپشت ڕابین بوون، لە ترێر Trier لە ئاڵمانیا لە دایک دەبێ. باوکی کارل لە بەر ئەوەی ڕێگەی بۆخۆش بێ کە بتوانێ ببێتە پارێزەر (پێشەیەک کە لەو سەردەمەدا جوولەکەکان بۆیان نەبوو، ببینێ) دەستی لە جوولەکە بوونی خۆی شۆردو بوو بە کریستیانی لۆتریانی. ئەوە کە کارل لە کلێسە وەک کریستیان ناوی نرابێ، ڕوون نیە بەڵام بە هەر حاڵ، ئەو زوو بوو بە کابرایەکی بێدین و ئاتێیست. لای مارکس خەڵک، خودا بوو، بەڵام بێجگە لە کارل خۆی نەبێ، خەڵک، بەم گەلویستییەی مارکسی نەدەزانی. کارل لە هەموو ژیانیدا مرۆڤێکی دیکتاتۆر، سەرەڕۆ و بەزۆر ڕاهێنەر، دوگماتیست و کەلە ڕەق، بێ سەبر و زوو هەڵچوو و هەروەها چاوەڕێ و داخوازی یەکجار زۆری لە بەرانبەرەو دەورووبەرەکەی هەبوو. لە هەمانکاتیشدا: لە خەون و خەیاڵدا دەژیا.... سەرەڕای ئەمانەش دیسان هاوڵاتییەکی سادەو ساکار بوو.

ئەتالی دەنووسێ؛ مارکس لە هەموو ژیانیدا تەنیا تاقە کارێکی ڕێکوپێک کە هەیبوو سەرنووسەری ڕاین گەزێت Rhein Gazette بوو کە ئەویش هەر زوو قەدەغە کراو داخرا. لە

هەموو ژیانیدا سەردانی فابریکایەکی نەکرد و هەتا ئەو جێگەش زانیاری لە هەوێڵدایە، بێجگە لە بەرگدروو ویلهێلم وایتلینگ Wilhelm Weitling، نەبێ، تاقە کرێکارێکیشی نەدەناسی. وایتلینگیشی بۆیە ناسی چوونکە ئەویش وەک خۆی شۆڕشگێڕێکی پێشەیی تەواو وەخت بوو و بەناچاری ئەویش وەک پەنابەر لە پاریس دەژیا. وایتلینگ و مارکس هەر زوو ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو بوون بە ڕکەبەری یەکتری هەر وەک مارکس زۆر جار لە گەڵ هاڤاڵەکانی دیکەشی وایدەکرد. مارکس هەر وەک چۆن زوو دەبوو بە هەڤاڵی کەسێک و هەرواش زوو کە جیاوازی بیروڕا کەوتبایەتە نێوانیانەوە دەستی لە هەڤاڵەتی دەکێشا و دۆستایەتییەکەی تێکدەدا.

مارکس ئەو کرێکارەی خۆشدەویست و خەون و خەیاڵی پێوەدەبینی کە پاش بەسەرچوونی تەمەنی کاپیتالیزم و ئاڵوگۆڕی سیستەم لە کاپیتالیزمەوە بۆ سۆسیالیزم، لە دایک دەبوو. ئەو ڕۆژە ئێتر خەبەرێک لە سەرمایەی کەسی نەدەما. ئیتر ئەو ڕۆژە هونەرمەندگەلی شێوەکار هەڵنەدەکەوتن بەڵکوو خەڵکێکی زۆرتر جار نەجار هەڵدەستان و فڵچەکانیان دەوەشاند. ئەو کەسانەی ڕاویان دەکرد، لە بەر ئەوە نەبوو کە ڕاوچین و حەزیان لە ڕاوە بەڵکوو هەروا لە خۆڕا ڕاویان دەکرد. هەر کەس ئەوەی دەکرد کە پێی خۆش بوو بیکا. مارکس دەیگووت کۆمۆنیزم بارووددۆخی چەسپاو نیە بەڵکوو پرۆسەیەکی گەورەی ئاڵووگۆڕە کە لەودا هەتا دێ ئازادی تاک فرەتر و فرەتر دەبێ. لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادییەکی وا گەورە و بەرپان، کاپیتالیزم دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا و لە کۆتاییدا دەبێتە ئیمپێریالیزم. لێرەدا ئەتالی دێت و ئیمپێریالیزمی مارکسمان بە یارمەتی چەمکی ئیمڕۆیی وەک گڵۆبالیزاسیۆن "بەجیهانیبوون" بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەڵێ گڵۆبالیزاسیۆنێک کە ئیمڕۆ ئێمە لایەنگری لێ دەکەین و لایەنگرانی لە خەوی زستانی خەوتووی مارکسیش دژایەتی دەکەن. مارکس سەرەڕای ئەو هەمووە لێزانییە قەد نەیتوانی بە سەر ئەم دژبەیەکییە بنەڕەتییەی کە لە قوتابخانەی بیریدا پەیدا بوو، سەربکەوێ: ئەوەش ئەوە بوو کە مارکس پێی وابوو دەوڵەت دەبێ هەموو چەشنە دەستەڵاتێک بگرێتە دەست تەنیا بۆ ئەوە دەوڵەت بۆ خۆی لەنێو بچێ و نەمێنێ. ئەم گوتەیە وەک مێژووش پیشانی دا، قەد سەری نەگرت. سۆڤیەت تێکڕووخا، بەڵام ئەگەر مارکس زیندوو بوایە ئەوە یەکەم کەس دەبوو کە بۆ خۆی پێی لێدەنا کە سۆڤیەت لە خۆیدا لە کۆمەڵە دەوڵەتگەلێکی ترسناک پێکهاتبوو کە بە هیچ جۆرێک ئەوەی مارکس بۆ خۆی ناوی ئازادیی بەرفرەی لێنابوو، ئەوان بە کەسیان ڕەوا نەبینی. ڕەنگە مارکس ئەوەی بۆ خۆی لە مانگی مایی 1880 گوتبووی " لە شتێک بە تەواوی دڵنیام: من مارکسیست نیم" جارێکی دیکە وە بیری خۆی هێنابایەتەوە.

وردەبۆرژوازی پێرفێکسیۆنیست (هەموو شتێک بۆ خۆ و خۆویست)

مارکس یەکێک لەو نووسەرانە بوو کە یەکجار بۆی زەحمەت و گران بوو دەست لە ڕەشنووسێک هەڵبگرێ. هیچکامە لە نووسینەکانی تەواو نەبوون، بەهەر حاڵ بە تەواوەتی تەواو نەبوون. ئەو، ئەوەی دەینووسی، خەتی بەسەردا دەکێشا، جارێکی دیکەی دەنووسییەوە و ئاڵووگۆڕی بێ بڕانەوەی تێدا ئەنجام دەدا. بەڵام مارکس ئەم شێوازە نووسینەی لە یەکەم نووسینی گەورەی کە

کتێبی مانیفیستی کۆمۆنیست بوو، ڕەچاو نەکرد. لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا مانیفیستی کۆمۆنیستی نووسی و دوایەش هەر زوو بە بێ ڕاوەستان چاپی کرد. بۆچی مارکس وای کرد؟ چوونکە مانیفست بە ناوی خۆیەوە چاپ نەکراو هەربۆیە ئەویش شێوازی مووقلێشانەی تایبەت بەخۆی ڕەچاو نەکرد. لە بەر پێداچوونەوە لەبڕاننەهاتووەکانی مارکس، نووسینەکانی بۆ چاپخانە ئەوەندە وەدرەنگ کەوتن کە بەشێکی زۆریان کاتێک چاپکران کە ئیتر نووسەرەکەیان بە هۆی نەخۆشی سیل لە 14ی مارسی ساڵی 1883 کۆچی دوایی کردبوو.

پاول جۆنسۆن Paul Johnson لە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گۆنەگەڵاویدا چەند ساڵێک لەمەوبەر باسی ئەوەی کرد، زۆر ڕێی تێدەچێ کە کارەکەر لینچێن Lenchen بە دزی کوڕێکی لە مارکس بووبێ. گۆیا فریدریش ئینگێلس دۆستی جێی متمانەو هەتاهەتایی مارکس ئەرکی باوکایەتی ئەو کوڕەی وە ئەستۆ گرتووەو بە دەیان ساڵ بژێوی نە تەنیا ئەو کوڕە بەڵکوو هەموو بنەماڵەکەی مارکسی خستبووە ئەستۆی خۆی. مارکس ئەو پیاوە گەورە، تووشی خەم و خەفەت، نەخۆشی مایەسیری، ڕۆماتیسم، نەخۆشی سیپەلاک و هەناسەدان، سەراسێ (میگرێن) و گەورەبوونی جەرگ بوو. لە ماڵ و نێو خێزاندا دیکتاتۆر و وردە بۆرژوازییەکی ڕاستەقینە بوو. کچەکانی دەبوا پیانۆیان لێدابا و چووبانە خوێندنگا شازەکان. کاتێک کابرایەکی دووڕەگەزەی وەک پاول لافارک Paul Lafargue لە گەڵ لاورا Laura پێوەندی دامەزراند، مارکس بە شڵەژانییەوە خۆی لەو پێوەندییە دوور ڕاگرت. مارکس ئەو کاتەی لە هەموو وەختێکی دیکە لە خۆشیدا بوو و بە کەیف بوو کە لێی گەڕابان بە هێوری و ئارامییەوە، بە بێ وچان شەوڕۆژ، نووسیبای – یان ئەوە تێکستە ڕەشنووسەکانی لە سەر داهاتووی پڕ لە شادی و خۆشی، پیشانی قوتابییە هاوبیرەکانی دابا، کە ئەوانیش هەر وەک مارکس خۆی، بە بێ پسانەوە جگەرەیان دەکێشا و پیاڵەی لێوانلێوی عەرەقیان هەڵدەقوڕاند.

مارکس لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە بازرگانی ئازاد دەبێتە هۆی وەپەلە کەوتنی شۆڕش. (شۆڕشێک کە بە پێچەوانە لە ڕوسیای وڵاتی جوتیاراندا قەوما). دەبێ بناخەی کاپیتالیزم قایم بکرێ وە سەربخرێ، هەتا کێشەو دژایەتی نێوان چینەکان زیاتر قوڵ ببێتەوەو بەم شێوەیەش شۆڕشی پرۆلیتاریا بە خاترجەمی وەدی بێت. مارکس بە تێڕادیتوویەوە دەیگوت شۆڕش سەرناکەوێ هەتا ئەوە شۆڕش نەبێتە شۆڕشێکی جیهانی. ئەو دەمەیە کە کۆمۆنیزم چاوەڕێمان دەکا و ئیتر ئەو دەم، سەردەمێکە کە هەموو شتێک بە خۆڕایی بە سەر هەموو کەسێکدا دابەش دەکرێ. ئەتالی بە بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی بیڵێ، دەیهەوێ بڵێ کە مارکس لە هەموو شتێکدا لە هەڵەدا بووە و سەرەڕای ئەمەش پیاوەکانی وەک لینین و ستالین لەوەزیاتر بیروبۆچوونەکانی مارکسیان بە خراپترین شێوە، شێواندووە. ئەڵبەت بێجگە لەو دووانە زۆر کەسی دیکەش هەن کە هەمان بەڵایان بە سەر مارکسدا هێناوە. کتێبی داس کاپیتال*Das Kapital* زیاتر لە 5000 بەرگی لە ئەمریکا لێفرۆشرا، ئەمە لە خۆیدا ژمارەیەکی زۆر بوو بۆ ئەو

سەردەمەی ئەمریکا. بەڵام بۆچی؟ چوونکە، لە سەر کتێبەکە نووسرابوو؛ هەر کەس ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، دەڵەمەند دەبێ، ئەم کتێبە، کتێبی خۆدەوڵەمەندکردنە .
ناووتیتلێکی لە جێی خۆ، وانیە؟

***نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سویدی ئولف نیلسۆن*** *Ulf Nilson*
***وەرگێڕانی لە سویدییەوە: س. ماکوان***

**سەرچاوە:**

http://www.smedjan.com/

[05.11.2005]